# میشیل فؤكؤ، لیكؤلَینەوەي دؤسیەیەكي تاواني كوشتن..!

## دارا مەحمود

یەك لە تەوەری سەرەکی چالاکی فکری فەیلەسوف، پسکۆلۆژ، و پزیشکی ناوداری فەرەنسی میشیل فۆکۆ، ڕەوشی زیندان، ڕۆڵی زانستی پزیشکی و پسکولۆژی لە دیتنەوەی تاوانبارو مۆتیڤەکانی تاوان و سەرڕاستکردنی یاساو مافەکان بوو. و بەشێکی زۆر لە تەمەن و چالاکی فکری خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردو دەستکەوتی گرنگی بۆ مرۆڤایەتی هێنایە کایەوە.

یەك لەو کارە گرنگ و سەرنج ڕاکێشانەی فۆکۆ، چاوخشاندنەوە بە دۆسیە کۆنەکانی ناو ئەرشیفی زیندان و دادگاو نەخۆشخانەکان بوو، و نموونەیەکی ئەم کارانەشی لێکۆڵینەوەی دۆسیەیەکی تاوانکارییە کە بەر لە نزیکەی 170 ساڵ ڕوویداوە. کە تەواوی دۆسیەکە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، لێدوان و شیکردنەوە نوێیەکان و تەواوی ئەو شتانەی پەیوەندییان بەو دۆسیەیەوە هەیە لەژێر ناوی - لێکۆڵینەوەی دۆسیەیەکی تاوانی کوشتن- چاپ و بڵاو کردۆتەوە. کە خوێنەر لە زۆر ڕووەوە دەکەوێتە ژێرکاریگەری و سەرسام دەمێنێت. و بەکەمێك سەرنجەوە پەی بەمە دەبات کە بابەتەکانی ناو ئەم دۆسیەیەو لایەنە پەیوەندارەکانی زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە لەیەك سۆنگەوە هەڵیان سەنگێنین.

دۆسیەکە دەربارەی ڕووداوێکە ساڵی 1835 لەگوندێکی فەرەنسا بەناوی (فۆکترَی) سەر بە ناحیەی (ئونە). ڕوویداوە. لەوێدا لاوێك بە ناوی (پییێرریڤییێر) بە تەور دایك و خوشك و برایەکی بچوکی خۆی دەکوژێت. ڕووداوەکە گەرچی زۆر دڵتەزێنەو مرۆڤ بەخوێنەوەی موچڕك بە لەشیدا دێت و ڕەنگە حاڵی تێك بچێت. بەڵام ڕووداوێکی دەگمەن نییەو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ساڵانە لێرو لەوێی جیهان چەندان کارەساتی لەم جۆرەمان بەرگوێ دەکەون. و ئەوەی وای لە فۆکۆ کردووە گرنگی بەم دۆسیە بدات زۆر لایەنی ترە کەهەوڵ دەدەین لە درێژی ئەم باسەدا ئاماژەیان پێ بکەین.

یەك لەو شتانەی کە سەرەتا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. ئەو بەشەیە لە دۆسیەکە کە بۆ یاداشتەکانی پییێرریڤییێر تەرخان کراوە. ئەو کە مرۆڤێکی نیمچە خوێندەوار بووەو زۆر بە زەحمەت خوێندنەوەو نوسینی زانیوە. لە زیندان لە سەر ڕاسپاردەی دادوەر یاداشتاکانی خۆی و مۆتیڤ و وردەکارییەکانی تاوانەکەی دەنوسێت و ئەم یاداشتە خۆی لە خۆیدا شاکارێکی ئەدەبی کەم وێنەیە. و فۆکۆش لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: (ساڵێك کە ئێمە بۆ ئەم دۆسیەمان تەرخانکرد ڕەنگە تا سنورێك لەبەر جوانی حاشا هەڵنەگری یاداشتەکانی ریڤییێر بووە.)

لایەنی هەرە گرنگ لە هەڵسەنگاندنی ئەم دۆسیەدا ئەمەیە کە دامودەزگای دادوەریی ئەو کاتەی فەرەنسا بۆ دەستگیری و دادگایی و سزادانی تاوانبار جۆرێك مامەڵە دەکات کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا جێگای سەرسوڕمان و ستایشە. لەم ڕووەوە فۆکۆ دەڵێت: (مەبەستی ئێمە لە بڵاوکردنەوەی ئەم دۆسیەو تەواوی بەڵگەنامە

پەیوەندارەکان، نیشاندانی ئەم هەموو ململانێ و کێشمەکێشانەیە کە لەو سەردەمەداو لە ڕێگای گفتوگۆو ڕاگەیاندنەکانی نێوان دەزگای دادوەری، واتا نوێنەری دەسەڵاتی دەوڵەت، و زانستدا بە ڕێوە چووە.).
تەواوی کێشمە کێش و ڕاو بۆچوونەکان لەسەر لێخۆشبوون و یانیش سزای مەرگ بۆ پییێرریڤییێر خڕدەبێتەوە. دەستەی یەکەم پێیانوایە کە تاوانبار مرۆڤێکی ناتەواوو نەخۆشە و لەبری سزادان پێویستی بە دەرمانکردن و چارەسەری هەیە و هەر بۆیەش ناکرێ سزای مەرگ بەسەرکەسێکدا بدرێت کە دەروونی نەخۆشەو خۆی نازانێ چی کردووە. دەستەکەی تریش لەو باوەڕەدان کە تاوانبار مرۆڤێکی تەواو سەلامەت و سەرحاڵەو ئەگەر کەسێکی بەزەحمەت خوێندەوار بتوانێ یاداشتەکانی بەو جوانییە بنوسێت، چۆن دەبێ بە شێت یان نەخۆش یان عەقڵ ناتەواو دابنرێت.!
ژمارەی ئەو پزیشکانەی معایەنەی تاوانبارییان لە ئەستۆ بووە شەش کەس بوون. سێ لەوانە لەو باوەڕەدابوون لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی خاوەنی سەلامەتی عەقڵ نەبووەو سێ پزیشکەکەی تریش بە پێچەوانەوە. ئەمە سەرەڕای چەندان پزیشك و دەروونناس و مامۆستاو ڕۆشنبیرو خەڵکانی تر کە لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە سەرنجەکانی خۆیان ڕادەگەیەنن.
هۆکاری تاوانەکە بریتی بووە لە کێشەو شەڕی هەمیشەیی نێوان دایکی و باوکی. کە زمانشڕ و بێ ئەدەبی دایکی بەرانبەر بابی، بۆتە هۆی درووستبوونی هەستی بەزەیی بەرانبەر بابی و خڕکردنەوەی کینەیەکی بێ سنووریش بەرانبەر دایکی، و تەنانەت تەواوی ڕەگەزی ژن. بەواتایەکی تر مەبەستی تاوانەکەی ڕزگارکردنی باوکی لە دەست دایکی بووە.
ئەوەی کە لەهەموو ئەمانە پتر جێگای سەرنجە، کەسێکی وەك من (نووسەری ئەم باسە) کە هەڵگری کولتورو شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتیم، لە کاتی خوێندنەوەی وەها بابەتێك، یەکسەر پرسی بەراوردکردنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە مێشکمدا دێت. و دەڵێم دەبێ ئێمەش وەها بین.! کەچی بیرمەندانی ڕۆژئاوا زێدە ناچنە سەر بەراوردکردن و ستایشکردنی ئەوکاتە یان ئێستا، بەڵکو مژارێکی تر مێشکی ئەوان بەخۆیەوە خەریك دەکات ئەویش دیتنەوەی وەڵامی ئەم پرسەیە کە چما ئەو تاوانانە ڕوودەدەن و کێ بەر پرسیارە..؟
هەر بۆیە هەمان دۆسیە پاش سەرنجەکانی فۆکۆ دەبێتە مایەی شیکردنەوەی سەر لەنوێی بیرمەندانی وەك: ژان پییر پتە، ژان فاوەرە، روبرکاسل، ئەلکسانر فۆنتانا، ژورژیت لۆژە، پاتریسیا مولن و...هیتر. کە لە ڕێگای شیکردنەوەو پێداچوونەوەی دۆسیەیەکی بە ڕواڵەت ئاوا بچوك، سەرتاپای سیستەمی سەرمایەداریی و نابەرابەرییەکانی ئەوکاتەو ئێستا و درۆکانی لیبرالیزم دەخەنەوە بەر ڕێژنەی ڕەخنەو نەخۆشیە جەستەیی و دەروونییەکانی تاك و کۆمەڵگا، لە هەژاری و دواکەوتوویی... دەخەنەوە ئەستۆی هەمان سیستەم.
فۆکۆو هاوبیرانی ڕاشکاوانە دەسەڵاتی ئەمڕۆیی هۆشیار دەکەنەوە کە گوناهی تەواوی تاوان و پێشێلکارییەکان، لە چارەڕەشی و نائاسودەیی و نابەرابەریی ژیانی خەڵکییەوە سەرچاوە دەگرێت. گەرچی نزیکەی 170 ساڵ بە سەر ئەم کارەساتەدا تێدەپەڕێت بەڵام هێشتا ئەم جۆرە تاوانانە بەردەوام ڕوودەدەن: قوتابییەك بێ هەبوونی هۆکارێك، هاوکلاسەکانی خۆی دەکوژێت، گەنجێکی بێکارو لات لەسەر جادە ڕێبواران دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە، باوکێك یان دایکێك منداڵانی خۆی لەتوپەت دەکات....

بەڵام ئێمەش دەپرسین ئەگەر سیستەمێکی ئاوا زاڵم کە ئەو بیرمەندانە ئاماژەی پێ دەکەن و بەڕاستیش لەجێگای خۆیدایە، بەر لە 170 ساڵ سیستەمی دادوەرییەکەی بەوجۆرە بووبێت ئەی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دەبێ چی بڵێین و دڵ بەکام دیوی سیستەمەکەی خۆمان خۆشکەین.؟

لەهەر ڕوویەکەوە ئەم دۆسیەیە هەڵسەنگێنی مایەی شەرمەزارییە بۆ سیستەمی حوکمی ڕۆژهەڵات. تەنانەت لە هەڵسەنگاندنی ئەم دۆسیەدا ڕۆڵی ڕای گشتی و ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی جێگای سەرسوڕمان و ستایشە.

ئەگەر لە هەر وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتدا کارەساتێکی وا ڕووبدات دوورنییە دانیشتوانی شارو دێ بڕژێنە سەر تاوانبارو بەردەباران یان بەگازو نینۆك لەتوپەتی کەن. کەچی دەبینین لە فەرەنسای بەر لە 170 ساڵ ڕای گشتی پێ بەپێ رەوتی دادگاییکردنەکە بەسەر دەکاتەوەو هێمنانە ڕای خۆی دەدات و سەرئەنجامیش ڕایەك دەدات کە هەرگیز لای ئێمە ڕوونادات، ئەویش داوای بەخشینی تاوانبارە.

سیستەمی دادوەریی لە ڕۆژهەڵات لە یەك دیوەوە تاوانبار هەڵدەسەنگێنێت و بەشێوەیەکی ئەبستراکت -ئەنجامی تاوان، چەڤی سەرنجی دادگاو یاساو ڕای گشتییە نەك هەلومەرج و فاکتەرو مۆتیڤەکانی تاوان. سزاکانیش زۆربەی هەرەزۆری جارەکان لە هەستێکی عاتیفیانەوە سەرچاوەدەگرن و لەئاکامدا وشك و بێ ربەزەییانەو ناعادیلانە بە ڕێوەدەچن. و لایەنە دەروونیەکان چاویان لێ دەپۆشرێت و پشتگوێ دەخرێن. و سزاکان زۆر قورسن و تەواوی چارەسەرییەکان لە سزادان و ئەشکەنجەو زینداندا خڕدەبنەوە. و سزادان وەك تۆڵەسەندنەوە پەیڕەو دەکرێت نەك چارەسەریی.

لابردنی سزای مەرگ لە ڕۆژئاوا (جگە لە ئەمەریکا) و سووکی سزاکان تەنیا لە سۆنگەی بەزەیی و مرۆڤدۆسییەوە نییە. بەڵکو لە بەر کۆمەڵێك هۆکاری ترە لەمانە و بەر لە هەر شت، هیچ تاوانێك بێ هەبوونی مۆتیف و هاندەرێك ئەنجام نادرێت و هەلومەرجی پەروەردەو فێربوون و ڕەوتی ژیانی مرۆڤ، لە ناو ماڵبات و دەورو بەرو ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانی و یانیش گرفت و ناخۆشیەکان، کاریگەریی حاشاهەڵنەگریان لەسەر چەندایەتی و چلۆنایەتی تاوان هەیەو ئەگەر لەکاتی دادگاییکردنی تاوانبارێکدا هەموو ئەمانە لەبەر چاو بگیرێت دەبینین زۆرجاران مرۆڤ لە بری خڕکردنەوەی کینەو هەستی تۆڵە سەندنەوە، هەستی بەزەیی لا درووستدەبێت. و سزاش لەهەر ئاستێکدا بێت لەسەرێکەوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگایە لە مەترسی تاوانباران و هەرکات بە ڕاشکاوی دیترا تاوانبار لەکارەکەی خۆی پەشیمانەو دەخوازێ وەك مرۆڤێکی ئاسایی و بێ خەتەر بێتەوە ناو کۆمەڵگا، سزا واتایەکی تێدانامێنێت و تاوانبار لەبەشێکی سزاکەی دەبەخشرێت. لە لایەکی تریشەوە مەبەستی سزادان بۆ چاوترساندنی کۆمەڵگاو یانیش تاوانبارانی ئیحتیمالیی داهاتوویە کە ئەزموونی مرۆڤایەتی سەلمندوویەتی، زۆری و گەورەیی تاوان هیچکات بەقورسی سزادان سنووردار نابێت.


سەرچاوە:

**میشیل فۆکۆ، بررسی یك** ثروندۀ قتل _ ترجمة مرتضي كلانتريان. مؤسسه انتشارات آ**طاة**. تهران – **ضاث دوم** 1379